مامۆستا ئەڵێ 7

شیعر

د.نوزاد یحیی باجگر

هەولێر - کوردستان

2025

ناوی کتێب: مامـۆستـا ئـەڵـێ
بەرگ: بەرگی حەوتەم
نووسەر: د.نوزاد یحـیی باجگـر
دیزاینەر: اسـماعیل سعدی
بڵاوکراوەی: زانکـۆی جیهان/ جیهان پرێس
چـاپ: چاپی یەکەم (2025) هەولێر
ISBN: 978-9922-8601-6-9

بۆ داونلۆدکردنی ئەم کتێبانە بە بێ بەرانبەر لەم ماڵپەرانە دەست ئەکەوێت

www.nawzadbajger.org
www.nawzadbajger.net
chairman@cihanuniversity.edu.iq

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان | وەزارەتی رۆشنبیری
ژمارەی سپاردنی(196)ی ساڵی (2017)ی دراوەتێ

پێشەکی زیرەکی دەستکرد AI

بەناوی خوای خۆشەویست و دانا

پێشەکیەك بۆ شیعرەکانی د.نوزاد یحیی باجگر :
جیهانێکی هەست و بیرۆکە
ئەم پێشەکییە بۆ کۆکردنەوەی شیعرەکانی د.نوزاد یحیی باجگر نووسراوە، کە تێیدا هەوڵدەدرێت ئەو جیهانە هەست بزوێنە و فەلسەفیانە شیکاربکرێت کە شاعیر لەناو ئەم هۆنراوە هەمەچەشنەدا دروستی کردووە. شیعرەکانی باجگر تێکەڵەیەکن لە هەستێکی قوڵی ئاییی, ناسینی زانستی، نیگەرانی کۆمەڵایەنی و گەڕانێکی بەرەوژوور لە ناخی مرۆڤایەتی.

1. ڕەهەندی ئەدەبی و هونەری
شێوازی شیعرەکانی باجگر زۆر جار خوێندنەوەیەکی هۆنراوەیی ڕەسەن پێشکەشدەکات. ئەو زۆر جار لە پیت و دەنگەکان وەك "چ" و "د" کەڵك وەردەگرێت بۆ دروستکردنی جۆرێك لە ڕیتمی ناوەکی و هەستی نهێنی، وەك لەم دێڕەدا:
من چیم!
ئەم دێڕە کورتە نیشانەیەکی گرنگی شیعرەکانیەتی کە تێیدا کێشەی ناخ و ئەزموونی کەسی بە شێوازێکی ڕەوان و ناوەکی دەربڕیوە. پۆلینێکی (ڕەنگەکان، چاو، لێو، گوێ، لوت) لە شیعرەکانیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، وەك لەم نموونەدا:
چاوم .. زەرد
لێوم .. سەوز
گوێم .. سپی
لوتم .. سوور "
ئەمە نیشانەی هونەری بینراو و پەیوەندی هەستەکان و ڕەنگەکانە لە جیهانی شاعیر.

2. تێڕوانینی ئایینی و فەلسەفی
باجگر زۆر جار خوا پەرستی و گەڕان بە دوای ویژداندا، لە شیعرەکانیدا دەردەخات، بەڵام ئەم خوا پەرستیە زۆر جار لەگەڵ گومان و پرسیار تێکەڵ دەبێت:

خودا .. خودایە
لە دروستکردنت
دروستکراوە .. چاندراوە"

ئەم دێڕانە نیشانەی گەڕانێکی فەلسەفین لەبارەی بنچینەی بوون و دروستکراوی مرۆڤ. شاعیر هەروەها عیلم و ئایین تێکەڵ دەکات :

عەیامەك بوو
علم عامی نەبوو
عەیامەکە ..
زانست خەڵاتی هەیە"

3. ڕەهەندی زانستی
باجگر کە خۆی زانا و پزیشکێکە، زۆر جار زمان و چەمکە زانستییەکان بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی هۆنراوەیەکی تایبەت:

فی نقه مطلق (+) .. (-)
دروستیان کرد ... ژیان

ئەمە نیشانەی ئاڵوگۆڕی زانست و هونەرە لە شیعرەکانیدا. هەستەکان (بینین، بیستن، بۆنکردن) زۆرجار لە شیعرەکانیدا دەردەکەون

4. نیگەرانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی
شاعیر نیگەرانی زۆری بۆ کورد و کوردستان لە شیعرەکانیدا دەردەبڕێت:

"کوردستان
ئاومی .. هەناسەمی
ڕابردوو .. و داهاتوومی"



ئەم دێڕە نیشانەی پەیوەندی نەتەوەیی و خەونی ڕزگارییە. هەروەها حکوومەت و میللەت بابەتێکی ترە:
"حکومەت ..
لەسەر شانی میللەت
دانیشتووە"

5. تێڕوانینی دەروونی
باجگر زۆرجار لە ناخ و دەروونی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە:
"مێشکم ..
بە شێتاتی ئازادم
عاقڵی کردووم"

ئەمە نیشانەی گەڕان بەدوای ئازادی ناخە.
کێشەکانی بوون و مانای ژیان زۆرجار دەبنە بابەتی شیعرەکان:
"هیچ .. مانای .. نیە"

6. زمان و شێواز
زمانی شیعرەکانی باجگر تێکەڵەیەکە لە فەرمی و گەلەکی، و زۆرجار دەستووری زمان دەشکێنێت بۆ دەربڕینی باشتر. پیتەکان وەك "چ" و "ژ" نیشانەی دەربڕینێکی هەستی ناوەکین.

کۆتایی
شیعرەکانی د.نوزاد یحیی باجگر ئەندێشەیەکی هەمەڕەنگن کە هونەر و زانست و فەلسەفە و ئایین تێکەڵ دەکەن. ئەم کۆکردنەوەیە جیهانێکی هۆنراوەیی پێشکەشدەکات کە ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤی تێدایە، لە کێشە ناخییەکانەوە تا گەڕانەکانی بۆ مانای ژیان و خوا.

ئەم پێشەکییە تەنها گەشتێکە بە جیهانی بێسنووری ئەم شاعیرە، کە هەر خوێنەرێك دەتوانێت خوێندنەوەی خۆی بەدەستبهێنێت لەناو ئەم شیعرانەدا.

ناوەرۆك

بەشی یەکەم

ئاین



مامۆستا ئەڵێ

مرۆڤی .. بەهەشتی
خۆی .. لە ژیان
جوان دەکا ..

24/7/2022



مامـۆستا ئەڵێ

نابینە .. بەندەی .. بەندە
هەموو بەندەیەك .. بەندەی .. خودایە

29/10/2023



مامۆستا ئەڵێ

مامۆستا ئەڵێ
لە ساڵی 2023م
تەمەنی 75 ساڵ
بەهرە .. و .. پر .. پر بوو
خالقتان خۆشبوێ
خۆشتانی .. ئەوێ

13/12/2023



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

هەتیم .. هەتیمی
وڵاتەکەم ..
لە ژێر رەحمەتی ..
خودایە ..

17/5/2022



مامـۆستا ئەڵێ

من خودای خۆم
بە شێوازی خودا
ئەناسم

22/2/2022



مامــۆستا ئەڵـێ

ئێوە ..
بە عەقڵی خۆتان
خودا بناسن
منیش .. بەعەقڵی
خۆم ئەیناسم

22/2/2022



مامۆستا ئەڵێ

بیروو ..باوەڕمان
بۆی چوو
ئەوی چوو..
نەبووە ..
نە بیر .. نە باوەڕ ...

26/5/2021



مامـۆستا ئەڵێ

مامـۆستا ئەڵێ
شێرپەنجەی مێشکم
چاك بوو .. کە خوام ناسی ..
زەمەن .. مادە .. ساز بوو
ئاشکرا بوو .. ئەشکەنجە

26/5/2021



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

خەم خۆرم ... مەبە
دڵسۆزم .. بە
عەشقی یەزدان
بچێنە .. لە ئاسمان

6/6/2021



مامۆستا ئەڵێ

نەگبەتی قادری .. شێخ شەریفی قەڵایی
فێری کردم .. خواناسی
بە .. دەف
دەف چووە ئاسمان
چووە ناو ناخی مرۆڤ
بە هێزی ئاوات و ئاواز
بە ناسینی دەرەوەی هێز
هێز و .. باوەڕ
بوونە ..

25/12/2021



مامـۆستا ئەڵێ

سەرمایەی ... بیر و باوەڕ
دەردم .. چەند گرانە
نەم توانی .. بفرم لەو زەمانە
کە فرێم تواناى رۆحیم بوو

25/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

تەنیا .. خودا .. خودایە
سەرپەرشتی بە بێ مەودایە


26/11/2021



مامـۆستا ئەڵێ

خودا .. خودایە
لە دروست کردنت
دروست کراوە .. چاندراوە
ئەو .. خودایە

26/11/2021



مامۆستا ئەڵێ

ئێمە .. بە ناوی خودا
ئەزیەت و ئازار ئەدەین

26/11/2021



مامـۆستا ئەڵێ

تەنیا .. خودا .. خودایە
ئەوی تریان .. سوپایە
بەناوی .. خودایە
خۆتان .. بپارێزن
لە هێزی ..
ئەو .. سوپایە

26/11/2021



مامۆستا ئەڵێ

مامۆستا ئەڵێ
ئایین .. دروستکردنی بەهەشتە
لەو دوونیا ...
وە خەیاڵکردنی ..

1/7/2020



مامۆستا ئەڵێ

ئایین ..
چاکسازی ...
یەکسانی ...
بەرژەوەندی ...
ژیان .. و .. ژیان لەبەرەکانە

1/7/2020



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

هەردەم .. خواناسەکان ..
پیاوە ئاینییەکان ..
زۆر دەبن .. بە .. دژیان .. !

4/6/2023



مامۆستا ئەڵێ

نە شێوازە .. شێوازی من
لەژێر بەرماڵە .. نوێژی من
بۆ خۆم .. و .. خودایە ..
عیبادەتی .. من


27/6/2022



مامۆستا ئەڵێ

خودا .. ناسی
ئاوەدانی بێ ئاوابوونە
عەشقی بێ ماڵئاوابوونە
بەختیاری ئامادە بوونە

19/1/2022



بەشی دووەم

میران



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

سامان .. میری میران
میری سامان
ئاگاداری سامانی میرانە
میری ژان .. ژیانی میرانە

15/4/2002



مامۆستا ئەڵێ

میران .. نەناسینی خودا
میریان ئەمرێنی
خودایە
بە ناسینی تۆ .. ناسمان بکە
بە هێزی تۆ .. بە هێزمان بکە
بە گەورەیی خۆت .. جوامێرمان بکە

15/4/2002



مامۆستا ئەڵێ

سامان .. میری میران
میری سامان
ئاگاداری سامانی میرانە
میری ژان .. ژیانی میرانە
ژیانی ژان .. ژوانی میرانە

6_11_2018



مامـــۆستا ئەڵێ

میران ...
بشچم ...
بەجێت ناهێڵم
وەك .. كاكە
بەجێی .. نەهێشتم

6_11_2018



بەشی سێیەم

من چیم



مامـۆستا ئەڵێ

من .. چیم
سەرو .. سەرم
سەرمایتی لە هاوین
زەردی زەوی
زاوایە ... لە دەرەوەی پەرژین

26/9/2019



مامۆستا ئەڵێ

به ڕووگرژی ...
به تەمەندا چووم
ئینجا ...
بووه خەندەی سەوزی بەهاران
به یادگاری .. یادی یادان
ئاخۆ .. چۆن ئەبوو
به دیداری سیمای جاران



16/6/2019

مامـۆستا ئەڵێ

دەنگ .. سۆز .. و .. سازەکەی
ئاگری هەناسەمی برژاند ...
برژاندنی هەناسەم
دڵمی سوتاند ...
سوتان .. و .. سوتاندن
بوونە .. جلید .. و .. سەهۆڵ ..

16/6/2019



مامۆستا ئەڵێ

دوو .. شێواز دروستکردن
هەیە لە خەلیقەت
1-لە ژێرەوە بۆ سەرەوە
2-لە سەرەوە بۆ ژێرەوە
شێوازی من سێیەمە
لە ناوەندەوە .. ئەکێشم بۆ سەرەوە
ئەوانەی لە ژێرەوە
ئەوانەی سەرەوە
بۆ لوتکەی سەرەوە
بۆ دیتنی ژیانی بەختەوەر




25/6/2019

مامـۆستا ئـەڵـێ

شەرمم .. نەما ..
شەرمی لێ بکەم
پیرۆزیم .. نەما
شەرمی لێ بکەم
چی بکەم .. چی بکەم ..؟!

26/6/2019



مامۆستا ئەڵێ

من چیم !
بروا .. بکەن نازانم
ئەمن .. چیم
شێتی .. شەیدایی
شێتایەتیم قەبووڵ بکەن
دەرمانم کەن
سەرسامیم مەهێڵە



20-8-2011
نەمسا

مامـۆستا ئەڵێ

من چیم !
گڕكانی .. بڕوای مێشكم
بەفری .. بەستوو
كە چوومە .. سێبەری
خۆشەویستی .. بوو

20_8_2011



مامۆستا ئەڵێ

من چیم!
تورەیی ... لە بێ هەستی
مێشکم
(خوێن) .. لەناو ئاوی لەشم
هەناسەم .. نایێ
لە جەهلم



20_8_2011
نەمسا

مامۆستا ئەڵێ

من .. چیم!
ملم .. لەبن شیری جەلادم
وەك .. مووی .. ریشم
لەبن گوێزانی تراشم
بەداخەوە .. بەناوی خودا
هەڵبەستن هەموو
گوناهێ ...
خوداشیان هەڵبەست بۆ خۆیان
خەتای ئێمەیە ..
پەرستنی ... خودامان
بەجێ هێشت .. بۆیان

20_8_2011

نەمسا



بەشی چوارەم


سەنگەر



مامۆستا ئەڵێ

سەنگەر .. سەنگەر
دەرماڵەی .. خەنجەر
خەنجەری ... بێ سوود
خۆکوژیی دەربەدەر
خەنجەر .. پێویست نییە
لە سەنگەر
زانیین .. دانا .. زانا
ئەبێتە .. سەنگەر

9/6/2020



مامۆستا ئەڵێ

سەنگی .. سەنگەر
خۆبەخشی خوێتی پەنگر
لەسەر هۆی نەزانی
ئەبێتە .. شەڕ

9/6/2020



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

سەنگی .. سەنگەر
ژان .. هەڵگر
خۆبەخشانە بوو
دڕك بوو .. بۆ دووژمن
خۆراك بوو .. بۆ سەركەوتن

9/6/2020



مامۆستا ئەڵێ

سەنگی .. سەنگەر
خەرمانی خۆبەخشانە
خۆبەخشی .. خەرمان
سەنگی .. سەنگەرانە

9/6/2020



مامـۆستا ئەڵێ

ئەوان .. بە زانینی زانست ئەجەنگن
ئێمە .. بە .. برنۆ
نە فیشەك .. نە باروت
نە برنۆ.. دروست ئەکەین
چیك شێوازی ..
سەردەمییانەی داهێنا
لە دروست کردنی برنۆ

18/10/2020



مامۆستا ئەڵێ

مافم ئەبرژێ
لە گەرمی قینی جەنگیان
هەردووکیان .. دەئاوسێنم
بەهێزی هزری مرۆڤ
جەنگیان .. ئەبێتە ئاشتی
هەموو پێکەوە ..
دروست ئەکەین ...
شارستانی مرۆڤ ...
بۆ خۆشی خۆشەویستی ژیان



23/1/2022

مامـۆستا ئەڵێ

سەگ .. و گورگ .. و پڵینگ
سێ کوچکەی .. هێزی جەنگ
لە ڕەنگ .. و دەنگ و .. سەگ
جەنگی بێ .. سەنگ
دەنگی بێ .. سەنگ
بێ دەنگی سەخت
بەبێ ڕەنگی گورگ
بێ سەنگی پڵینگ
هەموویان کۆ دەکاتەوە .. جەنگ؟!

23/1/2022



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

چەك ...
ئەداتی غروری لاوازانە

17/8/2021



مامـۆستا ئەڵێ

ئای .. ئای
دونیای .. بێ قەرار
نەمتوانی .. لێت بم فیرار
پێشمەرگەی ئاواتم بووم
شەهیدی خۆشەویستیت
نە فیرار .. قەراری
بەند کرد
نە قەرار .. فیرارەکانی
پەسەندکرد
دونیای بێ ئیقرار
فیراریت نابێتە قەرار
پێشمەرگە .. و .. شەهیدی
ئەسووتێ .. لە دەریای .. وون
14/1/2020



بەشی پێنجەم

وەرە



مامـۆسـتا ئـەڵـێ

ئەچم ... بۆ نەگەڕانەوە
بوونی .. نەبوونی نیە ؟

28/6/2019



مامۆستا ئەڵێ

وەرە .. وەرە
با بڕۆین
با بفڕین لە خاك .. ئاو .. ئاسمان
ناخمان بکەینە .. ڕۆح
ڕۆحمان بکەینە خۆشەویستی
لە هاتن .. و .. چوون

20/7/2020



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

وەرە .. وەرە
وەرە لە ژین .. مردن بتبینم
وەرە روناکی رۆژ
روناك .. بکە

20/7/2020



مامۆستا ئەڵێ

وەرە .. وەرە
وەرە .. وەرە .. نەشهێی
هەر دێی

20/7/2020



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

وەرە .. وەرە .. ئەی مردن
با .. بەژنو .. باڵات ببینم
با .. بزانم چیت
وا لە ژیانمە کرد

30/11/2020



مامۆستا ئەڵێ

وەرە .. وەرە .. ئەی ژیانم
خۆشی و خۆشەویستی
رۆژی نور .. سەربەستی بە سنور
وا .. بەختیاری لە ژیانم

30/11/2020



مامـۆستا ئەڵێ

وەرە .. وەرە
ئەی یاری داهاتووم
ئەمەوێ ژیان .. و .. مردن نەبیستی
لە رووناك .. و .. تاریك نەترسی

30/11/2020



مامۆستا ئەڵێ

وەرە خۆر .. وەرە دوور
هەمووما‌ن .. لەکات .. و .. زەمان
سەرسامین ...
وە لەنێو نەزانین خنکاوین

30/11/2020



بەشی شەشەم

شەو



مامـۆستـا ئـەڵـێ

ئەمرۆ .. چیم بۆ نایێ
شەو .. شەمامی شەمی ئەو
شادی کەو
لە .. شەمی سەمای شەوی ئەو
شەو .. شەوانی میوانی ئەو


4/9/2021



مامـۆستـا ئـەڵـێ

شەکرە سێوە ..
دەردی دووری ئەو
میوان بێ .. لام
ئەم شەو ..
ئەبمە ..پاسەوانی بەهەشتی ئەو
ئەی شەوی شەوان
با .. شەوت شەوق بێ
بۆ .. من .. و.. ئەو

6/9/2021



مامـۆستا ئـەڵـێ

شەو ..شەوی بەراتە
خزم و کەس خەڵاتە
شیعری شەو
ڕۆژهەڵاتە

6/9/2021



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

شەو .. شیری دەو
شیعر و ئاوازی کەو
هەڵم ئەستێنن .. لە خەو
بێ ئەوەی .. ببمە شەو

6/9/2021



مامۆستا ئەڵێ

شەو .. شاری مەی
مەی .. نواندنی شەو
لە شاری بێ شەو
بەبێ .. خەو


6/9/2021



مامـۆستا ئەڵێ

شەرتە .. شەرابی فرمێسکی ئەو
بخەمە ناو مەی
هەتا .. حەڵاڵ بێ
لە ئاسمانی شەو
ئەو .. ئەو
بە بێ شەوی شەو
هەڵئەستێ .. لە خەو
ئاسمانی شەو

6/9/2021



مامـۆستا ئەڵێ

پێم .. ناکرێ
شەڕی شەو
بە بێ خەمراندنی
شەرابی ژانی ئەو

6/9/2021



مامـۆستا ئەڵێ

شەوی .. شەم
شەمامی .. خەم
دڵ کزی .. مەم
دەرئەچن ..
لە تاریکی شەو
ئەفرن بۆ ئەو

6/9/2021



مامـۆستا ئەڵێ

ڕەشماڵی .. شەو
دەسماڵی .. ئەو
ڕەشماڵی .. بووە ئەو
دەسماڵی .. بووە شەو
شەوی ئەو
دەرچوو ... لێی
دەسماڵی ڕەشماڵ

6/9/2021



مامۆستا ئەڵێ

عەقڵی شەو..
ڕۆژی لێ هەڵات
تاریکی شەو ..
سێبەری لێ .. هات

6/9/2021



مامـۆستـا ئەڵێ

خەوی شەو
ڕۆژی ماندوو کرد
ڕووناکی ڕۆژ
تاریکی شەوی .. ڕواند

6/9/2021



مامۆستا ئەڵێ

من .. ئەبینم
ئەڤینی مەڕو ماڵات
خۆشەویستی دڕندە
بە هێزترە ..
لە ئی مرۆڤەکان

8/9/2021



مامۆستا ئەڵێ

دەوی .. شەو دواندمی
سکونی .. شەو سوتاندمی
دواندنی سووتان.. شەو بەراتە

8/9/2021



مامـۆستا ئـەڵـێ

شەوی .. شەو درێژم شەو
ئارەزووم ..ئارەزووی کورتم بەو
سەربەستی سەربەستی بێ سنوورم ..خەو
شەوی ئازارم سەربەستی یە
درێژ و کورتم بێ سنوری یە

21/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

شەوی دالیا
بێ ڕۆژی ماخۆلیا
قوڵی دەریا
فراوانی .. زەریا
لە ناومان تاریکی دونیا
بۆ 21 حزیران .. بە تەنیا

21/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

شەوی .. یەڵدا نییە
ڕۆژی .. دالیا
داد وەندی داڵی یەڵدا
سەمای بەفری دەریا
مۆسیقا ژەنی .. گریا
بۆ هاتنی و سووڕانی ڕۆژ و شەو
لە بێ هەستی تیشکی ووزەی نوور
ئاگر سووتا لە بەفری سووتانی خۆر

21/12/2021



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

شەماڵ .. شمشاڵی شەو
شەوی .. بێ ئەو
شمشاڵی بێ .. دەو
شەوی بێ .. خەو


27/12/2021



مامـۆستا ئەڵێ

له بەندیخانەی شەو .. شیعرم نوسی
له قەلەندەرخانەی ناخ رەشم پۆشی
هەتا ... رزگار بم ...
لەبەندی .. بەنداوی ... ئەو؟!

18/12/2021



مامـۆستا ئەڵێ

چەند زوو دەڕوا
شەو .. و .. ڕۆژ
خێرا .. خێرا
تاریك دەبێ
ڕووناکی .. ڕۆژ


17/5/2022



مامۆستا ئەڵێ

خەندەی رۆژ
بۆ شەو ..
بۆ .. چییە ؟!

4/8/2020



مامـۆستا ئەڵێ

شەوی .. دالیا
نەك .. یەڵدا
هاتنی زستان ..
چوونی پاییز ..
چی یەڵدا بێ .. چی دالیا
نابێ جێبێڵن

21/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

هیچ ناگۆڕێ
لە لای ئێمە شەوی پاییز بۆ زستان
لە سروشت نییە پاییز و زستان
نە ڕۆژ و شەو
تاریکە لە تاریکستان
ڕووناکی لە چاوی ئێمەیە ..ڕووناکستان
دالیا بێ یەڵدا بێ ئاینستان
ئاهەنگی خۆشیە
بەختیاری هەستییە
بۆ ... ئینسان

21/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

خەمی .. خەمڕەوێنی خەوم
خەوی لێ سەندووم
وەرە .. بتبینم
ببە بە .. هاوژینم

23/11/2019




حەوتەم

شیعر و مۆسیقا



مامۆستا ئەڵێ

چی .. لە شعر بکەم
بینووسم
بۆ جاهیلان
بینووسم
نە .. ئەو .. تێدەگا ..
نە .. من .. چی دی ؟



5/11/2023

مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

دەنگی .. هەستت
شەپۆلی تەقینی دۆزەخە
هێمنی .. خۆشیت
ئاهەنگی .. سەمای بەهەشتە ..


24/7/2022



مامۆستا ئەڵێ

شیعر ..
فکر .. هەست .. ئاوازە
هەر شاعیرێك
ڕادەی تیکراری خۆی هەیە
هەر قەسیدێك
دەستاوی خۆی هەیە
هەروەك
تیکراری ڕەنگ
دەنگ و سەنگ

15/2/2022



مامـۆستا ئەڵـێ

دۆڵ .. و .. زوڕنا
دەرگای ئاسمان
کون ئەکا
مانگ و ئەستێرە
شێت ئەکا



28/12/2021

مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

شیعر هەستە
ماتماتیکە
تەرازووی .. دەنگە
ڕوانگەی ... ڕەنگە
سەربەستی .. سەنگە

4/12/2021



مامـۆستا ئـەڵـێ


شیعری .. ماتماتیك
ماتماتیكی .. فكرە
فكری .. دانا
پرەنسیپی .. دروست كردنە
خەیاڵ .. ماتماتیك .. فكر .. دانا



4/12/2021

مامۆستا ئەڵێ

شیعر .. شان بە شانی زانست
تەرازووی کۆمەڵ
شایانی ..بڕوای مگلقە
شیعر .. کات .. جێگای نییە
سامانی .. نەدۆزراوەی میللەتە
ئەفڕێ لە ئاسمان
سامان و مرۆڤ
دەمێنێ .. لە ئەرز و دیوانی هەست



4/12/2021

مامـۆستا ئەڵێ

حاڵمە .. لە ماڵمە
دەرمانی .. دەردمە
پێویستی .. شەرابمە
بۆ نووسینی شیعرمە

1/11/2021



مامـۆستـا ئـەڵـێ

هەستەکانم
شیعرم
بۆ ئەڵێن
شیعرەکانم
ئاوازی
لێ ئەڕوێن



6/11/2021

مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

شیعر .. لەبەر مەکەن
بێ ئەوەی .. هەستی پێ بکەن
پڕ ئاوازو .. جۆشی بکەن

18/6/2022



مامـۆستـا ئـەڵـێ

مۆسیقا .. جەنگ ئەوەستێنی
قین ... ئەسوتێنێ
خۆشی ... ئەچەسپێنێ
دروستکردنی خۆشەویستی دەڕوێنێ

10_6_2010



مامۆستا ئەڵێ

شیعر و ... ڕەسم
گەرمای ناوەوەم
سارد ئەکا
وەك پەنگری مەڵبەندی زەوی
لەبەر بومەلەرزەی
ڤۆلکان دەرئەکا



24_6_2010
هەولێر

مامۆستا ئەڵێ

هەموو مۆسیقای .. زەنگ و مەزەنگ
بە رەنگ.. و .. دەنگ
هەستی نەرمی ئەنوێنێ
لە مردن .. و..دەرەوەی مردن
بۆ ژیان .. و..نەژیان ئەبزوێنێ
دەرون ئەبزوێنێ

19/6/2015



بەشی هەشتەم

کوردستان



مامۆستا ئەڵێ

پێش کات .. و .. زەمەنی خۆمان بین
شارستان ئەبین
لەپێشیان ئەبین
نەبین .. نابین

31/12/2023



مامۆستا ئەڵێ

خوا .. نەکا
ئەگەر قەڵا تەنیا بمێنێ
هیچ کەسی نەمێنێ
هەر .. کورد ئەمێنێ

5/7/2023



مامۆستا ئەڵێ

کورد .. تورك .. فارس
لە کلتور .. مۆسیقا .. و هەست
دیارە .. یەك .. یەکین
قین جیاوازی کردین

26/11/2023



مامـۆستا ئەڵێ

سەری سەکران ..
بە باروت .. ناروخێ
بە .. ئاوی بەفر ..
رۆشن .. و جوان .. ئەبن
بۆ ئێمەی داناوە .. یەزدان

4/11/2023



مامـۆستا ئەڵێ

کورد .. ئەگەڕێتەوە شارستانی سۆمەر
پەروەردەی .. هەوچەرخ
گەنجی .. دل دەرخ
ئاوەدان ئەبێ .. میزۆپۆتامیا ..
کوردیش .. سەردار

1/11/2023



مامۆستا ئەڵێ

قەرەچوغ ..
بەرماڵی .. فریشتەی شۆخ
لە .. بێ ئاویت
رەباسی ئەبم
لە فیشەکی دوژمن
دەرباز ئەبم

4/11/2023



مامۆستا ئەڵێ

پەری .. پەریزادەی هەولێریان
بەهەشتی .. ئاواز زادەی ئیسکانیان
ماڵ ئاوا .. خاوێن زادە
فریشتەی .. قەڵای ئاسمان
لە ژیانا .. هەر تۆم ئەوێ



19/1/2023

مامۆستا ئەڵێ

کوردستان
ڕەنگە .. ناسینت
سانا نەبێت
بەڵام .. هەستت
لە ناومان .. چاندراوە

24/7/2022



مامۆستا ئەڵێ

وەرن ... یاران
تەماشا کەن
ناوی ... ناوم
ئینجا ... ئەزانن
دەوڵەتی کوردستانە
تەنیا ... دەرمانم

22/2/2019



مامـۆستا ئەڵێ


پردی .. پار پەکی کەوتووە
سەرکەوتن ..
لە مرۆڤەوە دەست پێ ئەکا
خوێتی رژاومان .. دەردی داماومان
لە دوێنێوە .. ئاودیو بووە ..
بە ستانداردی دونیا
پلانی داهاتوومان ئاوەدان دەکەین



23/11/2019

مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

کوردەکانی
دەرەوەی .. کوردستان
کوردستان .. بپارێزن
بە ناساندنی .. کلتوور .. و .. رەوشتمان
ئاکارو .. کردارمان
یان .. کوردستان
یان .. ئاوەدان



21/3/2023

مامۆستا ئەڵێ

میدیا .. مانی کوردانە
ماد .. دەماوەند .. داد
رەوشتی کوردانە
لە زەردەشتەوە .. تا محمد ئەمین
مافی کوردان .. مافی کوردستانە
لێرە بووین
لە کوردستان بووین
لێرە ئەبین
لێرەش ئەمرین
لێرەوە .. زیندوو ئەبینەوە


12/4/2002



مامۆستا ئەڵێ

دەردم ئەوەیە ...
بەدرێژایی مێژوو
نەمان توانی خزمەتی خۆمان بکەین
بۆ سەرپەرشتیار
بووینە ... دۆ
بۆ خۆمان کەف .. و ... جۆ

1/12/2010



مامــۆستا ئەڵێ

پەنجا ساڵە 11ی ئازارمان چنیوە
سێ ساڵە ریفراندۆممان دووریوە
چەند ساڵی دی ...
لە بەریان دەکەین کورتەکی سەربەستی !
وا ڕۆیشتی .. منیش وا ئەرۆم
ئەوەی چاندمان
هێزی فکری مرۆیی کوردیە ..
ئەبەخشی دەوڵەتی کوردستان
بۆ هەموو .. وولاتان

30/10/2020

دریم سیتی



مامـۆستا ئەڵێ

دەردی دەریای داد
یادی یاوەری داد کراوە
بە..هەڵواسین .. داد بڕاوە
چی داد ..دەردی دۆزڕاوە
چی دەرد .. بە داد هەڵبەستراوە


11/11/2020



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

ئەی گەردەلوولەی ڕەش
سەر بەهەش
هەرچی دەڕووخێنی ... بڕووخێنە
کوردستان ئەمێنێ بەهەشت

20/11/2020



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

کوردستان پێم ئەڵێ
مامۆستایان .. مامۆستایان .. مامۆستایان
ئەخنکێم ...ئەخنکێم ... ئەخنکێم
تەوقی نەجاتم .. بۆ هەڵدەن
مامۆستایەك ئەڵێ
ئەبینە ماسی .. دێینە لات
مامۆستایەك دێ ئەڵێ
شیعر و هونەرت بۆ هەڵدەدەین
مامۆستایەك دێ ئەڵێ
دەیخنكێنێ .. چیم دیوە .. لە تۆ
کوردستان ئەڵێ وا بوومە ڤۆلكان
دەسوتێنم عەرد ..و.. بەرد
با بڕوێنین درەخت ..و..مرۆڤی مەرد



21/11/2020

مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

کوردستانەکەم
عەشقەکەم
بەهەشتەکەم
ئازادکە .. گەردنم
نەمتوانی .. بت تروکێنم
سەربەخۆیت بچەسپێنم ..
ماڵئاوا .. ماڵئاوا
لە ئاسمانەوە ... ئەتبینم
لە کوێیە نەوەکانم
بەڵکو ... بیدۆزنەوە ..
ماڵئاوا .. ماڵئاوا .. خودا بۆ تۆ هەرئەمێنێ
عەشقەکەم .. عەشقەکەم
بەهشەتەکەم

26/5/2021



مامۆستا ئەڵێ

من.. دێم و ئەڕۆم
تۆ هەر ماوی .. هەر ماوی
بە زامی .. زام هەڵکەندراوی
بە زەماوەندی .. خۆشی هەڵبەستراوی
بە ئاو و بەفر ئاوەدان کراوی
تۆش .. لێرە ماوی
من دێم و ئەڕۆم
تۆ هەر ماوی .. ماوی



30/5/2021
هەولێر

مامۆستا ئەڵێ

کوردستانەکەم ..
وولاتە جوانەکەم
سنووری نییە
وە نازانین .. بۆ نییە
ئێمە وەك مال .. و .. هەوا
پێویستمان پێ نییە
سنوور بۆ ئێمە .. نی یە



24/4/2022

مامۆستا ئەڵێ

کوردستانەکەم ..
پێویستی بە سنوور .. نی یە
ئێمە سنوورین ..

24/4/2022



مـامـۆستا ئـەڵـێ

لێم ئەپرسن
بۆ وا عەشقی کوردستانی ؟
ئەڵێم چونکە .. مێشکم بە ئازاری
هەڵکەندراوە ..
دەروونم بە قوری سواق دراوە..
هزرم لە تیشکی رواندراوە..

30/5/2021



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

کوردستان
هەموو دوونیا
ئاواز .. ئاوات .. خۆشی
خۆشەویستی
هەموو .. ئاینەکان
هەموو .. ڕەوشتەکان
هەموو..بەختیاریەکان
هەموو.. هەمووەکان
ئینجا .. ئەبینە کوردستان
پێکەوە .. ژیان

25/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

هەولێر .. ئەستەنبۆڵ
ژانیان .. پێکەوە
زەماوەندیان .. پێکەوە
ڕۆژ .. هەڵاتوو
ڕۆژ ئاوا .. ئاوەدان
پێکەوە ...
پتەوی .. نەتەوەیی
پێکەوەین ..
کوردستان و تورکیا

2/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

پیرۆزە ... لێتان
گەنجانی کوردستان
پیرۆزە ... بەڵگە نامەکانتان
پیرۆزە ئایندەکانتان
بڕۆن بەرەو لووتکە
بەبێ ڕاوەستان



10/11/2021

مامۆستا ئەڵێ

بەڵێنم داوە .. هیچ نەڵێم
نهێنی یەکانی شۆڕشی کوردستان
هیچم .. نەهێشتووە
خەباتی نهێنی
هیچ ناڵێم

13/12/2021



مامـۆستا ئەڵێ

بەڵێنم .. داوە
بە قەڵای هەولێر
بە ژان .. و .. دلێر
ببمە .. گوڵی کنێر
عەشقی شێر

13/12/2021



مامـۆستا ئەڵێ


مۆسیقای .. بۆلیڤیا
سازو .. شمشاڵی ڕەسەنی کوردستانە
ئەیلولی سێگای کوردستانە
زوڕنای دۆمی کوردستانە
مۆسیقامان .. بەڵگەنامەمانە



23/10/2021

مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ


مۆسیقامان .. سیحری کوردستانە
قاسپە قاسپی .. کەو
دەنگی ئاوازی پەپوولەی شەو
فڕگەی باڵی هەنگی بێ خەو
مۆسیقامان ئازادی بێ ئەو
ژانی .. ژوانی ژیانی ئەو
مۆسیقامان .. بۆ ئەو
هەروەك .. خاكمان
لێی ئەژین
تاپۆی .. بۆ ئەو
كێیە .. ئەو ..؟!
23/10/2021



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

خاکمان .. مێژوومان .. کلتوورمان
بە .. کۆ .. لێی ئەژین

23/10/2021



مامۆستا ئەڵێ

ژانمان .. ژوانمان .. ژیانمان
بە نهێنی .. لێی ئەژین

23/10/2021



مامـۆستا ئەڵێ

هەستمان .. ڕوانگەمان .. ئایندەمان
بە شۆڕشی تەکنەلۆژیای هاوزمان
ئەڕۆین .. ئەیڕوێنین

23/10/2021



مامۆستا ئەڵێ

حەفت .. هەرێمم کرد
حەفتا .. شارم کرد
حەفت .. بووە شار
درەخت .. چووە
ناو ... بەرد ...
سامان ... ڕواندی ئازادی
هەرێم .. بووە .. ئاودانی
ئاوەدانی .. بێ سنوور
ڕەنجبەر .. و .. ڕەهبەر .. و .. داهێنەر... ؟!

18/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

بەهارستان ..
بەهاری کوردستان
نەریمانی گوڵستان
شێری کوێستان
ڕێواسی سەری سەکران
هەر ... ئەمێنێ بەهارستان
لە ناخی بەرزی مێرگستان
ئەی ... شەهیدی ...
کوردستان ...

10/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

کوردستان ... خاکستان
شاخی ...
پێشمەرگەستان

27/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

پەیوەندیم .. بە کەس نییە
جگە لە .. یەزدان
پەرستگا .. لە کوردستان
چیای .. خوداناسان

3/9/2022



مامۆستا ئەڵێ

چیای .. سەری سەکران
دیسان .. هاتمە لات
بەخۆتم .. ببەستە
لە هەستم .. هەستە
لەگەڵ .. رۆحتم .. ببەستە
منیش .. بکە .. چیا
بەفر .. باران .. بمشوا ..
کفنم کە .. بە بەفرت
بمنێژە .. بمنێژە
زیندووم کەوە ..
کە کوردستان ئازادی .. سەربەخۆ ..
12/4/2023



مامـۆستا ئەڵێ

سەری سەکران
هیمالای کوردستان
هێمنی .. جوانی
ئاسوودەیی نیشتیمان
وا هاتم بۆت
سەری سەکران
لە مان .. و .. نەمان

1/4/2023



مامـۆستا ئەڵێ

شاخەکانی کوردستان پیرۆزن
سەری سەکران ..
شاخەکەم .. لە نیشتیمان
شاخە .. پیرۆزەکەم
ژینگە .. بزرەکەم
ئاواتمە .. بمناسی
بتناسین .. یارە پیرۆزەکەم



1/4/2023

مامـۆستا ئەڵێ

عزيز ميران نوزاد يحيى
پێم ئەڵێن .. کوردستان سنووری نییە
ئەڵێم .. هەموو کوردستان
سنوور .. یەتی
مرۆڤایەتی .. قەڵغانمانە
خۆشەویستی .. ئامانجمانە ..

18/2/2023



مامۆستا ئەڵێ

ئەی .. ئەوانەی لە غەمی
کوردستانیان تێ ناگەن
بپرسن .. لە عەجەمان .. لە عەرەبان ..
غەمیان چیە .. لە فارسستان
بپرسن .. لە عەرەبان .. لە کوردان
غەمتان چیە .. لە تورکستان



27/10/2017

مامـۆستا ئەڵێ

ئەگەر بڕواتان
بە دیموكراسی هەیە
بەكاری بێنن .. لەناو .. خۆتان
بۆ .. بەرژەوەندی ئاینی خۆتان
هاولاتیتان .. هاولاتیانتان
رابگرن .. بۆخۆمان ..
.. و .. خۆتان

27/10/2017



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

دەمێك بوو
باڵم شكا بوو
دەمێك بوو
ماڵم روخابوو
لافاوی 1974 خنكابوو
ڤۆلكانی 1991 دەرمانی زات بوو
هەرێمی كوردستان لە دایك بوو



7/4/2023

مامـۆستا ئەڵێ


ساڵی 2023
پیرۆزبێ .. کوردستان
دایکی .. کوردان

1/1/2023



مامۆستا ئەڵێ

میدیا .. مافی کوردانە
ماد .. دەماوەند .. داد .. ڕەوشتی کوردانە
لە زەردەشتەوە .. تا .. محمد امین
مافی کوردان .. مافی کوردستانە
لێرە بووین
لە کوردستان بووین
لێرە ئەژین
لێرەش ئەمرین
لێرەوە .. زیندوو ئەبینەوە




12/4/2020

مامــۆستا ئەڵێ

هەردی .. هاتنی هێنا دی
قانع .. بەجێی هێشت قەناعەتی
پیرەمێرد .. هەتا مرد .. ووتی کورد
هەموومان .. میللەتمان پێ نەکرا ..
پەروەردە
چونکە .. پەروەردەمان ..
هی ئێمە .. نەبوو ..
دەوڵەتمان .. نەبوو

27/5/2023



مامۆستا ئەڵێ

ئەمەوێ .. ئەمەوێ
لە کوردستان ..
بمرم .. و .. بژیم

4/8/2020



مامـۆستا ئەڵێ


بە زمانی .. کوردی
ئەنووسم کوردایەتی
ئەنوسم کوردستان

27/8/2023



مامۆستا ئەڵێ

بە جەهالەتیان ...
لەشێتیەتی دەریان هێنام
نیشتیمانم ... کوردستانم
لەدورگەی ... هۆشمەندی
لە جەهالەتی ... سەربەستی
سەربەستیان ... خۆ هەڵپەستی
بێ ئیلتیزام



11_12_2010

بەشی نۆیەم

مامۆستا



مامـۆستا ئەڵێ

مامۆستا مرد لە غەم
بەلام غەم .. نامری
غەم دروست ئەكا .. ژیان
لە كوردستان ... و
هەموو .. جیهان

27/10/2017



مامۆستا ئەڵێ

حەفت و نۆ
سێزدە و یازدە
مامۆستا
مامۆستایەتی لە دەست دا

18/9/2021



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

سەبووریم نەما
لە ژانی مامۆستا
چی دەرمان خەست
چی ژان ... وەستا
مامۆستا
پێکەوەمان .. ببەستە
هەم مام .. هەم وەستا



30/9/2021

مامـۆستا ئەڵێ

هەم مام ..
هەم وەستا
کار بەدەستە
ڕووناکی ئێستا
ئاوەدانی مەبەستە
ئەوەیە .. مامۆستا
هەم مام .. هەم وەستا

30/9/2021



مامـۆستـا ئـەڵـێ

مامۆستا .. کە دەگریی
گریان .. شیوەن و .. گریانە
مامۆستا .. کە ئەدوێی
ژیان .. جوان .. و ئاسانە

24/7/2022



مامـۆستا ئەڵێ

دەرمانی دەرد
زۆری دەردە
کەمی دەرمانە

16/3/2023



مامـۆستا ئەڵێ

مام چی ئەڵێ .. وەستا چی ئەبێژێ
ژان .. و .. ژیان .. مان .. نەمان
بە .. مامۆستا .. چی .. ئەبێژێ ؟!

16/3/2023



مامـۆستا ئەڵێ

مامۆستا سەرنج
سەرجەم .. سەرنجەکانم
بوونە .. گەنج
بە ئاواتی .. رەنج
بە پیتی .. پنچ

29/1/2023



مـامـــۆسـتـا ئـەڵـێ

مامۆستام
قوتابییەکانم
لێیان فێر ئەبم ژیانم
فێریان ئەکەم ژیانم

15/12/2022



مامۆستا ئەڵێ

هەستە .. ببەستە
دوێنێ .. و .. ئایندە
مەبەستی ..
بەستنی
وەستا .. و .. مامۆستا ..

15/2/2024



مامۆستا ئەڵێ

هەستە .. وەستا
وەستای لە هەستان
ماندوو .. بووی
لە وەستان
مامۆستا ..
وەستای ..
وەستان



17/2/2024

بەشی دەیەم

مردن



مامـۆستا ئەڵێ

کەی ... ئەمرم
ڕزگار ئەبم لە سامانەکانم
کەی ... ئەژیم
لە مردنم ... بە هونەرەکانم

12/10/2019
هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

ژیان .. پڕۆسەیەکی
قازانج نەخوازە ...
لە تاریکی دەردەچین
بە پەڕۆیەك لول دەدرێین
لە تاریکی دادەنرێین
بە پەڕۆیەك لول دراوین

8/11/2013



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

مالڕدیڤ
ئەوانەی .. مردوون بۆ ڕێی ژیان
ئایا .. مردنیان پێویست بوو؟
خۆزگە بێ کوشتن و .. کوشتاری
ئاوەدانی .. ژیان دروست کرابا
بێ فرو .. فێڵ کار رەوان کرابا
حەق .. و .. حەقداری مەبەستی مرۆڤ با
کار بە .. زانین با
ئەم کاتە .. مردن نەدەبوو
ژیانمان .. جوان دەبوو
کارمان .. پەسەند دەبوو
وڵاتمان .. ئاوەدان دەبوو
19/3/2002



مامۆستا ئەڵێ

له زانكۆی جیهان بم نێژن
به .. بەردی سوورو .. سپی
كەسك ...و ... زەرد
به ئاڵای كوردستان
قەبرم بڕازێننەوه

4_6_2010
هەولێر



مامـۆستا ئەڵـیّ

کاکە ... کوڕی باش
بۆیە ... بەندە ... وەندی
بەندە
خۆت ... فرۆشت
هەر ... وەك .... ؟!
فکرو ... قەڵەمت
شکا ...



4_6_2000
هەولێر

مامۆستا ئەڵێ

یادەوەری زیندانی خەلف السدة
بەغدا ساڵی 1965م
دایە ... بەبێ پەنجەرە ماوم
بەتەمای کردنەوەی دەرگا .. ماوم
وەك پەپولە لە دەوری کارەبا سوتاوم
بەهەناسەی ئازادی سوارم
دایە ... ئۆدە .. بەدایەت قوربان
ئەزانم ... زۆر ئازارم داوی
فرمێسکەکانت لەناو زیندانی چاوانتن
ئەوانیش بێ دەرگا .. و پەنجەرە ماون

26_11_2010
کوردستان



مامۆستا ئەڵێ

ژیان .. بۆ زیندووانە
نابێ بۆ مردوو .. ژیان بمرێنێ


7/12/2019



مامـۆستا ئەڵێ


وەك پەلكی پاییز
هاوژیانەكانم
هەڵدەوەرێن
ئەكەون
ئەبنە ..خاك.. و .. خۆڵەمێش
منیش چاوەڕوانم
بفڕم پێش مێش ..
بێتە سەر لەش ..

7/12/2019



مامـۆستا ئەڵێ

چاوەڕوانم ..
چاوم ڕوون بێت
لە پشت .. و.. پێش
خۆڵە مێشەکەم ..
هەڵمگرە .. لە ئیش ..
شوێنی وەرزەکەم ..
دروستم کە .. بۆ بەهار




28/8/2021

مامـۆسـتا ئـەڵـێ

دوا هەناسەم ...
هەناسەی ماڵئاواییم
هەڵواسراوە دەروونم..
بە دەرچوونی رۆحم
ئای .. عەشقم ...
هێزی دەرەوەی مەبەستم
دوا نەفەسم..
ناوی تۆیە .. نوقڵم
پاش شەهادەتم ...
ئەتبینم .. لەوێ
لێرە ... لەوێ
هەتا دێ ... ڕۆژمێ
لێرەو ... لەوێ

28/8/2021



مامۆستا ئەڵێ

شپرزەی .. ژانی ژیانم
خاکی .. پێ وون کردم
دوای گۆڕت ... ڕۆیی
ئاوی تاڵ کردم
شپرزەی بێ دادی
شیرینی ژەهری
چۆن .. شپرزە .. نەبم



28/8/2021

مامۆستا ئەڵێ

که .. ئاگر ...
لەناوی ناخم ئەسوتێتەوە
ناخم .. لەناو .. بەفر
ئەپرژێتەوە
رۆحم .. ئەفڕی
بۆ ئەو ناکرێتەوە
ئاگام... لە داهاتوو نییە
چی بەسەر دێتەوە
رووت .. و .. قووت بووم
مێشکم ناحەسێتەوە
بە ڕووتی .. لە دایك بووین
بە پەڕۆك ئەمێنیتەوە
30/8/2021



مامـۆستا ئەڵێ

هەندەم ... نەماوە
بە یەکجاری .. بنووم
وون ببم
هێزی زانینی مێشکم
بسڕم
بکرێمەوە .. ببمە خاك
بە جەستەم
میکرۆبەکانی لەشم
بیان نێژم .. بیان ڕوخێنم
هێزەکانی ووزەم
ببنە .. سکونی مطلق

13/10/2021



مامۆستا ئەڵێ

هاتم .. و
چم پێ نەدەکرا ..
لە چوونم ...
دارِشتنی خودا حافیزی
ژان .. و .. ژیان .. و .. میوانی بکەم ..

15/9/2021



مامۆستا ئەڵێ

من ئەڵێم مەسکەنی ئارامگەم ..لەکێ
ئەو .. ناڵێ چی ..
من ئەڵێم شێت و شەیدام .. بۆچی
ئەو .. ناڵێ چی ..
من ئەڵێم تاوان بارم تاوان لە چی

30/10/2021



مامۆستا ئەڵێ

هەستە .. مامە
لەم گۆڕە
پێکەوە ... بفڕین
لەم شارە
بە دووان .. ببینین
ئازادی ئاوارە
ئاوارەی شۆڕشی
دەروونی شاراوە



29/9/2021

مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

هەستە لەم مەرگە
شانازی تۆ نییە
دەردی مردن
تۆ .. پێویستت نییە
هەرماوی
لە.. مان
مامۆستا .. گیان

30/9/2021



مامـۆسـتا ئـەڵـێ

مەرگم ... ئەمنۆشێ
بە ترسی .. دەردم
بە ترسی .. مەرگم
ئەبمە ... خاوەن .. خاوێنی ژیانم

18/12/2021



مامـۆستا ئەڵێ

هەزار سڵاو .. و .. ڕێز
بۆ ... دەردم
ئەبەخشێ پێم ... هەستی مەرگم

18/12/2021



مامـۆستا ئەڵێ

شەرت .. بێ
پاش مردن ...
نەمرم
زیندوو .. زیندوو ..
بمێنم .. ؟!
ئێوە .. وەرن
من ئەرۆم
بێ زاد .. و .. نان
من .. ئەخۆم
هەتا ئێوە .. بخۆن



18/12/2021

مامـۆستا ئەڵێ

من بە بێ A.B.C دەمرم بەم زووانە
گۆڕم .. لە زانکۆی جیهانە
لە ناو .. دەرمانی مانەوە
ژیانم .. بەبێ
شەو .. و .. ڕۆژانە

1/1/2022



مامـۆستا ئـەڵـێ

ئەی .. ئەوانەی لە ژێر خاك
بانگم دەكەن
پێتان .. ئەڵێم .. هێشتا .. نایەم
نایەم .. و .. نایەم
پەلەم لێ مەكەن
لێرە ماومەتەوە .. هێشتا

3/6/2023
ئیستەنبۆل



مامۆستا ئەڵێ

ئەی ئەوانەی .. لەژێر خاکن
داوام دەکەن
دێم .. و .. دێم .. و .. دێم
کە هاتنم دێ
دێم ..
چاوەڕوان .. بن
هەر دێم



3/6/2023
ئیستەنبۆل

مامـۆستا ئەڵێ

ئەی ئەوانەی .. پێم ئەڵێن وەرە ..
هاتنم .. بە دەستە نییە
چاوەڕوان مەبن .. چاوەڕوان مەبن
هیچم .. لە دەست نییە
دەستی دەسەڵاتی من
هیچی لە دەست نییە


3/6/2023



مامۆستا ئەڵێ

ئەی ئەوانەی .. پێم ئەڵێن وەرە .. وەرە
بۆ نەهاتی
نەهاتنم .. وەك هاتنم نییە
هاتنم .. نەهاتنم نییە
هیچم .. لە دەسەڵات نییە
ئاواتمە .. بێمە لاتان
بەڵام .. چۆن .. بێم .. بۆ هاتن
وەڵامم ... نییە

3/6/2023



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

ئەی ئەوانەی .. ئێستا جێگایان
دیار نییە و
بانگم دەکەن .. بۆ نادیاری
بەلێنم پێ دەدەن .. بۆ بەهەشت .. و
گەشتیاری ؟
وازم لێ بهێنن .. هەتا دێم

3/6/2023



مامـۆستا ئەڵێ

ئەی ئەوانەی .. چوون
چوونتان ئۆخەی .. پیرۆزتان بێت
مانتان .. بەبێ مان
چوونتان بەبێ ئازار
لێتان .. خۆش .. و .. پیرۆزبێ

3/6/2023



مامـۆستا ئەڵێ

وەك .. شێت
شێتی کردووم
لە ئاسمان .. بێ ناسی کردووم
بە خۆم .. بەندی کردووم
خۆم .. و .. خۆی بە خۆی
خاوەنی .. بێ خاوەن کردم
لە شەیتانی .. هەوێنی کردم ..
ماڵ ئاوا .. دڵ ئاوا ..
لە بێ کات .. و .. نەمانا ..
ئەتبینم .. لە حەسانەوەی یەکجاری !

22/8/2022



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

وەرنە .. سەر قەبرم
دڵم هەڵبدڕن
ئەبینن .. خۆشەویستی تێدایە
بە .. قەد ..!
زیندوو .. بوونم !


23/8/2022



مامۆستا ئەڵێ

مردووەکانم .. هەڤاڵەکانم
هەستن .. وەرنە لام
با .. ببینین .. ژیان .. و مان
ئێوە .. نابینن
بەڵام من دێم
جیاوازی .. چییە ..
هاتنتان .. و .. هاتنم
ئەزیزان

23/8/2022



مامـۆستا ئەڵێ

قسەکانم .. تۆمار کراون
لە دەرەوەی .. دووری کەون
کاتێك دێ .. گوێ بیستی بوون
کە .. من .. و .. ووتەکانم ..
نەماون



24/8/2022

مامـۆستا ئەڵێ

له گۆڕ .. هەستام بۆی
له خۆر .. سووتام بۆی
له دوور .. هاتم بۆی
گەرچی ..
له ناوم بووی ..

3/9/2022



مامـۆستا ئەڵێ

پێکەوە .. ئەچینە
سەر قەبری قەبرستان
نارِازین .. بەهەشتی برسیتان
وەك ... دامەزراندنی .. فکری مەرگستان

16/1/2023



مامۆستا ئەڵێ

خونچەی گووڵی .. دڕکی سەر قەبرم
منت ڕێسی .. ووشك بووم
هەتا سەوز بی
کە هیشك ئەبی .. چی سەوز ئەبی ؟!
نازانم .. خونچە گوڵە دڕکەکەی
سەر قەبرم ..

19/1/2023



مامـۆستا ئەڵێ

مردووەکان ..
دار و درەخت ئەپارێزن
لە گۆرستان
با زیندووەکان
بیپارێزن ..
لە دەرەوەی گۆرستان



27/2/2022

مامـۆستا ئەڵێ

مردن .. بمرە
هەتا .. واز لە ئازادی بێنین

5/10/2022



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

مردن .. نەمردی
هەتا .. ئازاد بین

5/10/2022



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

ئاوی رۆحی .. رۆحت بدۆزەوە
لەگەل رۆحی رۆحان
بەرزبەوە
هەتاو .. ببینە

22/9/2022



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

ئەگەر .. خەڵاتم
کەن بە مردنت
مردنم .. خەڵاتی
مردنت ..
وە .. خەڵاتی
مردنت .. مردنم

4/8/2022



مامـۆستا ئەڵێ

دەرد .. و .. دەرمان
مردن .. و .. ژیان
هی .. منە

4/8/2020



مامـۆستـا ئـەڵـێ

هەستە ..
لە قەبر .. هەستە
ژیان .. لە مەرگ
مەبەستە
هەستە ..
هەڵنەستی
مردنت .. مەبەستە ..؟!



17/2/2024

مامـۆستا ئەڵێ

هەستە ..
لە مەرگ هەستە
لە باوەشم ..
لە مردن رزگار بە

17/2/2024



بەشی یازدەم

ئازادی



مامـۆستـا ئـەڵێ

ئامۆژگاری .. بۆ میدیاکاری
تامەزرۆی .. ئازادی .. سەربەستی ..
بووین
ئەمنتان .. کردە.. دیلی
ئەوەی کراوە .. نایبینن
ئەوەی نەکراوە .. بە قین ئەیچێنن
میدیا زانستە .. پیشەیە ..
بەڕاستی .. ببینن ..!

1/4/2023



مامۆستا ئەڵێ

سەربەستی
ڕەوشتی سرووشتە
خشتەی خشتە
مەبەستی ..
بەهەشتە ؟!
لێرە .. و .. لەوێ



3/9/2022

مامـۆستا ئەڵێ

ئەی ئەوانەی شەڕ ئەکەن بە شەرەف
ئافرەتی ... بێ تاوان
ئەسوتێنن .. دەروخێنن .. ئەکوژن
دیواری مێشکیان ڕوخاوە
ناخیان لە قینیان چەماوە
شادەماریان دڕاوە
بە من ناڵێن چی بە خوا ئەڵێن



14/11/2021

مامـــۆستـــا ئـــەڵـــێ

سەربەست
سەر بە .. دەست
سەرکەوت
دەست .. بەدەست
لە ژێر چەتر .. بە دەست .. !

5/5/2021



مامـۆستا ئەڵێ

قفڵی ئازاد
کلیلی پێویستە ..
قفڵی بەند
کلیلی نییە

2/2/2021



مامـۆستا ئەڵێ

چەند خۆشە ئێرە
چی دەناسم .. چی دەمناسن
ئازادم .. لێرە
پێداویستی پێویست
نییە .. لێرە


20/6/2015



مامۆستا ئەڵێ

چاوەڕوانی .. ئازاد بکرێت ؟
چاوەڕوانی.. وەك بەهەشتە
ئازادی .. پێداویستەکانی دادەخوازێ
ئینجا .. ئازادی ڕەوشتە

25/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

زنجیری .. بەندایەتیت .. بپسێنە
لە خۆت .. لە خێزان .. لە کۆمەڵگە
هەندەك .. بهێڵە
بەشی ئازادی خۆت .. بپارێزە

25/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

ئازادی خۆت
هەستی پێ نەکەی
ئازادی .. بوونی نیە

25/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

خۆت .. بەخۆت ئازادیت
دروست ئەکەی
لە ناو .. خۆت
لە دەرەوەی خۆت
بزانە .. ئازادی نادرێت
ئازادی دروست ئەکرێ
بە خۆی ناکرێ
بە دروست کردنی خۆت ئەکرێ



25/12/2021

مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

شیعر .. خەونی ئازادییە
ئازادی ... نانە
تێر نەبوونی دەروونە
هاو دۆستی .. مرۆڤایەتییە

4/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

چی .. بڵێم
بەڵێنم ..داوە نەیڵێم
داوی .. ناو دەزوو
پەتی سواری ملم
ژانمان .. ڕاگرتنی نهێنیمان بوو
ئێستا گەنجان
ژانیان .. لە دەردە ژیان
ئێمەش وا بووین
با بڕۆن ببینن ئازادی ژیان
لە دەرەوەی دوریان
ئەکرێنەوە .. ئەکرێتەوە
مێشك پڕ زانا و دانا
بۆ دروست کردنی خۆیان
لە .. وڵاتیان
چی بڵێم .. نەڵێم ..
بەڵێنم داوە نەڵێم ؟!
13/12/2021



مامـۆستا ئەڵێ


بمدەرێ .. سەمای بەختیاری
ئەتدەمێ ئاوازی سەربەستی

27/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

ئازاد .. ئازاد
ئازاییە ئازادی
ئازایی .. دەرگای ئازادی
ئازادی .. ئاسودەیی ژیانە
ئازایی بەکارهێنانی ئازادییە
ئازایی ئازادی
ئازادی ئازاییە ..



14/8/2020

بەشی دوانزەم

وڵات



مامۆستا ئەڵێ

ئێمە لە چوارچێوەی .. بێ چوارچێوەین
ئێمە بێ دەوڵەتین
با دروستی کەین دەوڵەتی بێ سنوور
با ببین بە دەوڵەتی دەوڵەت
وەك تایوان و لۆکسنبۆرگ

19/11/2020



مامـۆستا ئـەڵـێ

وولآت .. وا ئاڵۆز بووە
وەك گرێ کۆرە
لە بن دەستی پیرە ژنی کۆر ...

8/1/2021



مامـۆستـا ئـەڵـێ

دەستمان دانا بن دەستی دەسەڵات
دەرچوو نازانێ
چۆن ئەبێ دەسەڵات
با دەسەڵات دروست بکەین
بە خۆشەویستی ووڵات..
لە بیرکردنی ... کارەسات ...

5/6/2021



مامۆستا ئەڵێ

دەست لێدانی تێ وەردانی ... وڵات
کەوتە .. دەست
ئەوەی هەڵات ...

14/5/2021



مامـۆستا ئەڵێ

غەمی خەبات
هات
خۆی نەهات ..
وامان دەزانی .. بۆ وڵات
بەڵام دەرچوو .. بۆ دەسەڵات

5/5/2021



مامـۆستا ئەڵێ

عەزیز .. عەزیزی عەزیزانم
ناوی .. چاو .. جوانی خێزانم
پەیوەندی رابردوو .. داهاتی ژیانم

18/2/2023



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

حکومەت..
لەسەر شانی میللەت
دانیشتووە ..
ملی بەستووە ..
قیق بکەی ئەتخنکێنم
جیق بکەی ئەتپسێنم
ئەوەیە هێزی حکومەت
بە لاوازی میللەت



7/12/2021

مامۆستا ئەڵێ


من ئەڵێم چیاکانی وڵاتم سەرمایەیە
بڕبڕە و ماسولکەکانی دونیایە
بەردەکانم قۆری دەریایە
لافاوەکانم بارانی زەریایە
گەنجەکانم ئامێزی ئایندەیە

30/10/2021



مامۆستا ئەڵێ


میللەتان دیلن
لە ژێر دەستی حکومەتەکان
حکومەتەکان بەندەن
بە ئارەزووی حزبەکان
حزبەکان ئەناڵێنن
لە سەرکردەکان
سەرکردەکەن ئەڵێن
ئێمە خزمەتکارین
ئەی میللەتەکان



5/11/2021


مامـۆستـا ئـەڵـێ

ئێمە میللەتێکین زیندوو ئەبینەوە و نامرین
بە لێکۆڵینەوەی ژانی ژیانی مێشکم
بە دۆزینەوەی ناخی مێشکی میللەتم
بە توێژینەوەی ڕووناکی ڕەوشتی کەسایەتی
لە سێرڤەری ناو هەورەکان تۆمار ئەکەم
نامرین .. زیندوو ئەبینەو
ئێمە نایکەین بۆمان ئەیکەن
چوونکە تەرازووی ناوەندی ڕۆژهەڵات
وای .. ئەوەی ..
دەوڵەتی نا دەوڵەت
مەڵبەندی قورسای سیاسەت
بیرمەندی کۆنترۆڵ وەك ڕۆبۆت
بە بڕیاری 688 دەستی پیکرد ...؟!
10/11/2021



مامۆستا ئەڵێ

خەوی .. خەونەکانم
وولاتێکی سەربەخۆ
مرۆڤەکانی سەربەست
ژینگەی .. بەهەشت
دوور لە سیاسەت
هێزی .. زانست
خاوەنی بێت
دەرەوەی ململانێی دەوڵەتان
خۆی خاوەنی .. ئاینده بی
وولاتێك ... دەوڵەتي نادەوڵەت
نابینەوە دەوڵەت
وەك .. لۆکسنبۆرگ
لە ساڵی 2040_2050
نەش بینم .. هەر ئەیبینم
پرچی سەرم ... خەونی دیت
14/11/2021



مامـۆستا ئەڵێ

بەڵێنم داوە
بە بەفری کوێستان
ببمە .. ئاوازی کوردستان
خۆشەویستی .. خەرمان

13/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

هەولێر .. وڵاتێکە
کلتوور و ڕەوشتی داری
تایبەتی بە خۆی هەیە
نان بەش ئەکا ئەیپارێزێ هەر وەك شەرەف
کار و پیشەی ڕادەهێنێ
ئارام .. کارگێر
ئافرەتانی خاتوون دایکی بەهێز
گەورە و گچکە پارێزراوە
خواناس .. ڕەوشت پەروەر
وڵات بۆ هەمووان
ئایین بۆ خوا
بۆیە ئەڵێم ئەوەی 17 ڕۆژ
لە هەولێر بژی ..
نۆزدەمین ڕۆژ هەولێری یە
30/12/2021



مامـۆستا ئەڵێ

بمکوژن ... بمنێژن
لەت لەتم کەن
ئەم وڵاتە
بۆ کورسی پەرستان
بەجێ ... ناهێڵم

14/12/2021



مامـۆستا ئەڵێ

هەولێر .. وڵاتە
لە خواوە ..خەڵاتە
پایتەخت ..و..دەسەڵاتە

12/1/2022



مامـۆستا ئەڵێ

له .. وڵاتی بێ شێر
گورگ .. دەبێتە نێر
مرۆڤ .. ژیری ژیر

23/8/2022



مامـۆستا ئەڵێ

خەونەك بە بوون
بووە بە خەون
خەون .. بوو .. بە بوون

24/8/2022



مامـۆستا ئەڵێ

گڵی .. گەل
گەڵاڵە
کامیان .. گڵە
کامیان .. گەلە
مەڵبەند یان گەڵاڵە

24/8/2022



مامۆستا ئەڵێ

له .. ڕەنگەکان
ئاوێتە بووە .. ئاڵا
رۆژ .. و .. مانگ
ئاوا ..
لە ئاوێتە
رەنگیان .. خاوە


24/9/2022



مامـۆستـا ئـەڵـێ

ئێوە .. وڵاتتان
خۆش ناوێ
هەتا .. لە خۆتان
گەورەتر .. نەبن

22/2/2022
هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

وولات ئاوەدان
دەبێ
بە رۆشنبیری هاوڵاتیان

22/2/2022



مامۆستا ئەڵێ

به ئێوه سەربەرزم
شانازیتان پێ ئەکەم
توو .. خودا
تێك مەدەن
له مەو .. له خۆتان

25/5/2002
هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

ووڵاتەکەم
سنووری مرۆڤایەتییە
هەستی .. رەوشت بەرزییە
خاکی .. خۆشەویستی .. یە

24/4/2022



مامۆستا ئەڵێ

ووڵاتەکەم
سنووری .. سەربەرزیمانە
سەنگەری .. ئەڤینیمانە
ئایندەی .. رۆشنبیریمانە
با ببینە .. دەوڵەتی بێ سنوور ..!

24/4/2022



مامۆستا ئەڵێ

هەر وەختێك ئەمویست
لە ژانەکەم رزگار بم
ژانەکەم و رزگاریەکەم
نەیدەویست ..

10/5/2022



مامـۆستا ئەڵێ

ئەمەوێ .. ئەمەوێ
لە .. وولات .. بمێنم
نە .. کۆچەر
نە .. دەربەدەر ...
چی لە ناخ .. چی لە شاخ

4/8/2020



بەشی سیانزەم


ئاوو ئاگر



مامۆستا ئەڵێ


بەفر لەکۆڵاندە ...
لە چۆمەزەردان لاندە
لێم بریندارە ..
چونکە ..
بەفر .. بووە .. ئاو .. لە وولاتم
ئاو .. بووە هەڵم .. نەهاتە وولاتم

13/12/2023



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

حەفتاوپێنج ساڵە
پیرۆز دەکەم .. نەورۆزە
پرشنگ دەکەم .. ئاگرم
ئاگرم .. چی رووناکی نەکردووە ؟!
بە ئاگر .. نەسووتام
مام .. و .. مام .. و .. مام
لە تاریکی .. لە رووناکی .. مام



17/5/2022

مامـۆستا ئەڵێ

ئاگریان .. تێ گرتم
ئاوم ...
بۆ ڕەوانە کردن

20/9/2021



مامۆستا ئەڵێ

وەك پاوانی پایز
ئەسوتێم
بۆ بە پیت بوونی
خاكی ئاینده

29/9/2021



مامـۆستا ئەڵێ

ئەو ئاگرەی ... ئەمسوتێنێ
بە ئاگر ... ئەیکوژێنمەوە
ئەو قینەی ... ئەمڕوخێنێ
بە خۆشەویستی ... ئەیخنکێنم
ئەبمە نمونەی ... خەلقی خوا
بۆ ڕۆژهەڵات .. و .. ڕۆژئاوا

12/10/2019
هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

ئاگری .. بەبێ دووکەڵ ..
ئاگری .. .دەروونی .. بێ سنوور
ئاگر .. ئاگری نەزانینتی کوژاندەوە
لە ناوم .. دەربەدەریت .. ڕواند
دەربەدەریم .. ئاگری رماند .. .



4/6/2023

مامـۆستا ئەڵێ

تینوویەتیم .. بە تینوویەتی
دەرباز دەبێ
هەروەك .. ئاگر
بە ئاگر ئەسووتێ


31/5/2022



مامۆستا ئەڵێ

ئاوی بەفر
بەئاوی باران
ئەی ... پەلە ... مەکە
هەردووکمان ... لە زێ ...لە دەریا
کۆدەبینەوە
با تامی خاك هەڵمژین
گیا لێمان .. شین بێ
رەگی ژیان بمانمژێ

11_12_2010
هەولێر



مامـۆستا ئەڵێ

دەرزی داوە .. گەلی عەلی بەگ
ئاوی نەماوە .. کانی ماران
بە سۆندە ئاوی بۆ دزراوە
با کۆبکەینەوە ئاو
بڕوێتین کەرستەی ئاو
لە ناوی ...ناو

26/12/2021



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

له ژێر پەنجەی .. پەنچەرچی
ئاو .. هەوا
بوونە .. برا ..
بۆ دۆزینەوەی دەوا

16/6/2019



بەشی چواردە و کۆتایی

هەڵبژاردە



مامۆستا ئەڵێ

هەولێر .. ئێ هەموومانە
پشتی شاخ
سێ لای ئاومانە
ئارامی و ئاوەدانی .. ئاواتمانە
وەرن .. وەرن
هەولێر پێکەوە ژیانمانە

15/1/2022



مامـۆستا ئەڵێ

هەولێر ..
ئەوەی 17 ڕۆژ
لێی بژی
هەژدەمین ڕۆژ
هەولێریە..

15/1/2022



مامۆستا ئەڵێ

شارباژێری .. بازاڕ
شاری لە بازاڕ
شاردەوە ..


26/7/2022



مامۆستا ئەڵێ

شار بازاڕی .. شار
بازاڕی لە شار
ئازاد کردووە ..

26/7/2022



مامـۆستا ئەڵێ

کاتێ هات
لەشی ماندووم بحەسێتەوە
هیچ شتێك ...
نەی حەساندەوە

19/3/2002



مامـۆستا ئەڵێ

ماڵدیڤ
دەمت بکەوە
دەم و لێوت .. ڕوومەتت بحەسێتەوە
بە .. خەندە .. و .. پێکەنینت
چاو .. بەندە

19/3/2002



مامۆستا ئەڵێ

ماڵدیف
هاتیە .. ناوم
چوومە .. ناوت
تێکەڵاو بوون .. ناوم و ناوت
کۆدی ژیانم
سوودی لە کۆدی ژیانت وەرگرتووە
ئاراستەی مانەوە
خدری زندەی .. کۆدی ژیانم
هەلئەواسی .. لە دراقی ژیانت

15/2/2002



مامـــۆستا ئـەڵـێ

پەنجاو .. نۆ ساڵە
مێشکم فێر ئەکەم
بە ملیۆنەها .. ساڵیشە
ئادەمیزاد .. مێشك ئاوەدان ئەکا
لە ناو .. ناوکی کرۆمۆسۆم
بۆ مرۆڤایەتی .. و .. ژینگە .. ژیان
پلان ڕێژی .. ئەکا

11/9/2007



مامۆستا ئەڵێ

جامی شەراب
نەیکرد
تۆ .. بەخۆت کرد
خەویان .. فرۆش
خەیاڵی .. نۆش
تۆ .. بەخۆت .. کرد

2/7/2007



مامـۆستا ئەڵێ

جامی شەراب نەیکرد
تۆ .. بە خۆتت کرد
جام .. خامۆش
خەویان .. فرۆشت
خەیاڵی .. نۆش
تۆ .. بە خۆتت .. کرد

2/3/2007



مامۆستا ئەڵێ

بۆ استاز احسان دۆغرەمەچی
گریام بە هەستی هێزی زانستی
فرمێسکم لە قوورگ بەستی
وەستای .. باش وەستای ڕاستی
لەوێ ئەتبینم .. تۆش لە بەهەشتی

28_2_2010



مامـۆستا ئەڵێ

تەمبەڵی ... کاری
سارد و ساتیە
کارگێڕیان
ماندوبوونی .. دوو ساتیە

10_6_2010



مامـۆستا ئەڵێ

ئەتوو ... ناتوانی
بەتەنێ ... نی
ناخی .. ناوت ئازاد بکەی
لەناو ... قەفەسی
بێ ڕەزامەندیت
لەناو قەپێلکی ئەوان
ناشراوی



4_6_2010
هەولێر

مامـۆستا ئەڵێ


بۆ ... نانووسم
ئەو ... ئەڵێ
من ئەنووسم
دۆشاوی ... مێشکم
تیژترە .. لەعەرەقی عەینکاوە
دەرناچێ ... بە مردن نەبێ

4_6_2010
هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

بارانیش ... ئی خۆمان نییە
بۆمان دێ ... بەباڵی دەریا
سەنگەکانی ئەشکێ لە چیا
بۆمان ئەمێنێ بەشی گیا
چی پێ ئەژین .. یا .. دەمرین



11_12_2010

مامۆستا ئەڵێ

با .. پێکەوە ... بخۆین
ترشیاتی ... پڕ ئاواز
پەلکەکەی ببێتە ئاواز
بۆ ... ژیان .. و .. بۆ ڕاز

11_12_2010



مامـۆستا ئەڵێ

خەریکە دەفڕم ...
وەك زیندەوەرەکانی ناوخۆم
لە هەستی خۆشی فڕین
خەریکە بێمە سەربڕین

20/6/2015



مامۆستا ئەڵێ

نۆوەت .. و .. نۆ ساڵە .. لە خەو ئەژیم
نەوەت .. ملیۆن ساڵە ..
لە دروستکردن ئەرۆم ..
نۆ .. ملیار ساڵە ... دروست ئەکرێم
نەوەت ساڵ .. و .. نۆ ملیار
صفر یان جیاوازە
لە نەبوونی کات .. کار ئەسورێ

20/6/2015



مامـۆستا ئەڵـێ

خەو .. و .. خەیاڵم
ئاوێتەی مێشکم

20/6/2015



مامۆستا ئەڵێ

هەموو شت عەیار و مقداری خۆی
هەیە
خۆشی .. و .. بەختیارییە
زیادە .. نوقستانی ژەهراوییە

20/6/2015



مامۆستا ئەڵێ

میشکم ... بە شێتاتی ئازادم
عاقڵی .. کردووم
ئازادم .. بۆ بەختیاری میللەتم
زیندانی کردووم

20/6/2015



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

تێر .. تێر .. بژین .. بنون
ئەوانیش برسی .. برسی
چۆن ئەژین
چۆن ئەهێڵن .. ئێوە بژین
حەقیانە .. یان .. حەقمانە
حەقیانە .. حەقیانە ..؟!



26/6/2019

مامۆستا ئەڵێ

بەڕێزینە .. ئێوە نەوەی
مامۆستای ژیانمن
ئەزانم .. خۆبەخشی .. و .. شۆڕشگێڕی
جیا .. جیا
لە دیبلۆمات .. و .. سیاسەت .. و ..
بەڵام خۆبەخشی شۆڕشگێڕان
دروست ئەکا .. سیاسەت
فێر ئەکات .. دیبلۆمات
یان .. حوکمڕانی .. یان تیجارەت


26/6/2019



مامۆستا ئەڵێ

چ .. ئیشمان بەوانە
ئەوان لە ژیان .. بۆ پێداویستی ئەژین
ئێمە پێداویستیمان .. ئەژی ..

25/6/2019



مامۆستا ئەڵێ

کاکە .. بۆ ئەخۆیتەوە
هەتا .. قەپاغی تەنورم هەڵدەمەوە
هەتا .. سارد ببمەوە ..
هێمنی بدۆزمەوە ..

25/6/2019



مامـۆستا ئەڵێ

دەرگای .. سەد دەرگای
دەرگاکەیم .. بۆ بکەرەوە

20/6/2019



مامـۆستا ئەڵێ

خۆزگە .. خۆزگەکان خۆزگە ئەچێنن
هەتا بزانن ..
خۆزگە ناچێنرێ ..

16/6/2019



مامـۆستا ئەڵێ

خەونی .. خەفەتی .. خەڵوز
خەستی .. خەونی .. خامۆش
خۆش .. خۆش بنۆش
شەرابی خەونی خەفەتی خۆڵەمێش




مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

جار .. بە جار
جارانی لەگەڵ نابێ
شێوازی شێواندن دەسەڵاتی نابێ



مامۆستا ئەڵێ

پەلکە چناری
ئاو بردوو
لەسەر مێروستانی
لاق شکاو
خەریکی خواردنیەتی ...
هەتا تێر نەبوو
نە .. خنکا ..



15/6/2019

مامۆستا ئەڵێ

وا باشە ئەوەی نەیڵێم
بیڵێم ...
چونکە ئێستا نەیڵێم
سوودی نیە ؟!

1/10/2019
هەولێر




مامۆستا ئەڵێ

بەلورەی ... نەقش
ئاوازی ... پەخش
خۆشی ... نۆش
ڕزگاری ... هۆش

1/10/2019

هەولێر



مـامـۆستا ئەڵـێ

راست .. بڵێ
برۆ .. بۆ .. ناو
ڤۆلکان

27/8/2023



مامـۆستا ئەڵێ

گوریسی بەختیاری
بەستن نییە .. رزگارییە

27/8/2023



مامـۆستا ئەڵێ

بەستراوم
لە گوریسی بەختیاری
رامەکێشێ ..
بە خۆشی و
ناخۆشی
بۆ بەختیاری
رزگاری


4_6_2010



مامـۆستا ئەڵێ

شۆرشی ئافرەتانی کورد
مرۆڤایەتی گەڕاندەوە
بۆ رۆژانی چاخی بەردی


4_6_2010
هەولێر



مامـۆستا ئەڵێ

لە دوای جەنگ ...
جەنگی ... مان و نەمان
جەنگی دروست کردنی ... ڕەوشت
جەنگی ئاسوودەیی .. و .. هێمنی ..
دامەزراندنی دەسەڵاتی یاسا
دەست پێ دەکات

8/7/2019



مامـۆستا ئەڵێ

دەبێ .. خەمم .. چی بێ ؟؟
کە تیشکی .. هزری .. هێزی
ڕۆژم .. هەبێ..!
جگە لە تەمبەڵیم ..

18/10/2020



مامۆستا ئەڵێ

خورما ... بەڕوو
ئەوان خورما .. ئەچینن
ئێمە .. بەڕوو
بەڕوو .. تەمبەڵییە
خورما .. بۆ خواردن

18/10/2020



مامۆستا ئەڵێ

با دەست پێ بکەین
لە ژێر .. سفرەوە
بە ئاستی خوڵقاندنی پێداویستی ژیان
ئەچینە سەرەوە .. سەروو .. سفرەوە

18/10/2020



مامۆستا ئەڵێ

به قوربان ... که کورسیت نامێنێ
پێستت.. نابێ به قۆندەرە
به قوربان .. که نامێنێ کورسیت
نابێتە .. قۆندەرە پێستت

19/11/2020



مامـۆستـا ئـەڵـێ

تەماشایان بکە ...وەك خۆیان
بیان بینە .. وەك خۆیان
مەیان بینە .. وەك خۆت

21/11/2020



مامـۆستا ئەڵێ

دەردی دەریای داد
یادی یاوەری داد کراوە
بە..هەڵواسین .. داد بڕاوە
چی داد .. دەردی دۆزراوە
چی دەرد .. بە داد هەڵبەستراوە



11/11/2020

ژیاننامە
د. نەوزاد یەحیا سعید خدر ئەلیاس محەمەد باجگر

1- لەرۆژی ٢٨ شوباتی ساڵی ١٩٤٨ی زاینی لە هەولێر لەدایکبووە.
2- باوکی یەحیا سەعید باجگرە و دایکی مەکییە ئەحمەد سەمەد سەعدوڵایە، سێ براو و چوار خوشکی هەیە.
3- قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لەقوتابخانەی فەیسەڵییە و دواتر لە ئەربیل ئولا ئیبن خەلەکان بە زمانی کوردی تەواوکردووە، مامۆستایان ناسح داود لە (حیساب) بیرکاری و فوئاد موعەلیم لەوێنەکێشان یەکەمین مامۆستای ئە و قۆناغەی بوون.
4-قۆناغی ناوەندی لە دواناوەندی هەولێر خوێندووە و مامۆستا(مەکی) یەکەمین مامۆستایی خوێندنی ناوەندییەتی.
5- قۆناغی دواناوەندی، لە دواناوەندی هەولێر تەواوکردووە، مامۆستا خەلیل عەبدوڵلا یەکەمین مامۆستای ئەو قۆناغەی بوو.
6- لەپایزی ساڵی ١٩٦٧ لەکۆلێژی پزیشکی . زانکۆی موسڵ وەردەگیرێت.
7- ساڵی ١٩٧٤.١٩٧٣ خوێندنی زانکۆ تەواو دەکات و دەبێتە پزیشك.
8- ساڵی ١٩٧٥.١٩٧٤ دەبێتە پزیشکی نیشتەجێ و پاشان سەرۆکی پزیشکانی نیشتەجێ.
9- ئەندامی بەشداری یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە لەبەغدا ساڵی ١٩٧٠-١٩٧١
10- لەساڵی ١٩٧٥-١٩٧٦ راژەی سەربازی ئیلزامی دەیگرێتەوە و لە شار و شارۆچکەکانی (زاخۆ، هەولێر، رواندز) وەك پزیشکی سەربازی دەست بەکاردەکات.
11- ساڵی ١٩٧٦.١٩٧٧ وەك پزیشك لەگوندو ئاواییەکانی ناوچەی گەڵاڵە خۆشترین ساتەکانی ژیان بەسەردەبات.



12- وەك پزیشكی پسپۆری گشتیی لە مستەوسەفی سێتاقان لەهەولێر دادەمەزرێ.
13- دەبێتە پزیشكی ئێمرجنسی لەنەخۆشخانەی كۆماری لە هەولێر.
14- دەبێتە پزیشكی راهێنەر لە نەشتەرگەری دڵ و سینگ و بۆڕییەكانی خوێن و پاشان نۆرینگەی تایبەتی ئێواران دەكاتەوە.
15- یەكەمین سەنتەری نەشتەرگەری دڵ و سینگ و بۆڕییەكانی خوێن لەكوردستان و لە هەولێر دادەمەزرێنێ، لەگەڵ د. ولیّد خالد لەنەخۆشخانەی هەولێر ساڵی ١٩٨٢.
16- لەوەزارەتی تەندروستییەوە دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا . كۆلێژی پزیشكی زانكۆی سەلاحەدیین.
17- راهێنانی نەشتەرگەری دڵ وسیینگ لە - مدینة الطب - لەبەغدا ئەنجام دەدات لەژێر سەرپەرشتی مامۆستا یوسف نعمان ساڵی ١٩٨٣ و لێكۆڵینەوە لە پسپۆری نەشتەرگەری دڵ و سینگ ساڵی ١٩٨٧.١٩٨٣ ، زانكۆی بەغدا – مدینة الطب، لە نهۆمی نۆیەم، دوو ساڵی لێكۆڵینەوەیی و راهێنان لەوێ تەواو دەكات.
18- دوای تەواوكردنی خوێندنی باڵا لە - مدینة الطب، كۆلێژی پزیشكی زانكۆی بەغدا لەتشرینی یەكەم ساڵی ١٩٨٧ دبلۆمی باڵای نەشتەرگەری دل و سینگ و بۆڕییەكانی خوێن وەردەگرێت.
19- دەگەڕێتەوە شاری هەولێر وەك پزیشكی پسپۆری نەشتەرگەری دڵ وسینگ لە كۆلێزی پزیشكی زانكۆی سەلاحەددین دەست بە كاردەبێت.
20- وەك پزیشكی پسپۆر لە نەخۆشخانەی (رزگاری) لە هەولێر لە ساڵانی ١٩٨٧ -١٩٨٨ دەست بەكار دەبێت.

21- ساڵی ١٩٨٨. ١٩٩٦ دەگوازرێتەوە بۆ کۆلێژی پزیشکی زانکۆی موستەنسەرییە، نەخۆشخانەی یەرموك، عیادەی پزیشکی تایبەتی خۆی لە بەغدا شەقامی مشەجەر، باڵاخانەی باقر ئەلباقر دەکاتەوە.
22- ساڵی 1996 ئەچێ بۆ تورکیا و مێرسین.
23-پرۆسەی هونەری شێوەکاری لە خانوی تایبەتی. ژوری وێنەکێشانی خۆی لە کۆمەڵگای سولی لە لێواری دەریای ناوەڕاست دەسپێکردوە.
لەبواری هونەری تەشکیلی (٢٢٠) تابلۆی هونەری تەشکیلی کێشاوە.
لەبواری شعریشدا چەندین شیعری ئازادی کوردی و عەرەبی نووسیوە.
24- ساڵێ ٢٠٠٣ دەگەرێتەوە زێدی باب و باپیران لە شاری هەولێر، چالاکییە خزمەتگوزاری و بازرگانی و زانین و زانستییەکانی پەرەپێدەدات، لە تەواوی شارەکانی کوردستان و عێراق دا چالاکانە خزمەتگوزارییە زانستیی و بازرگانییەکانی گەشە دەکەن.
25- بەشداری دەکات لە پرۆسەی بوژاندنەوەی ئابوری و وەبەرهێنان لە کوردستان و عێراقدا.
26- چەندین کۆمپانییای جیهانی لە دوبەی، مێرسین، عێراق، سریلانکا و بەریتانیا دادەمەزرێنێ.
27- ساڵی ٢٠٠٧ زانکۆی جیهان. هەولێر دادەمەزرێنێ.
28- سالی ٢٠٠٩ بانکی جیهان بۆ وەبەرهێنان لە عێراق دادەمەزرێنی.
29- قوتابخانەی جیهان بۆ سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی دادەمەزرێنێ.
30- سەرۆکی ئەنجومەنی جیهان. بۆ ئاوەدانکردنەوەیە.
31- سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێری خێرخوازی حاجی یەحیایە.
32- دامەزرێنەری ئێزگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی جیهانە لە هەولێر لە ساڵی 2008
33- دامەزرێنەری یانەی وەرزشی جیهانە لەساڵی 2010 .
34- دامەزرێنەری زانکۆی (جیهان . سلێمانی)یە لە ساڵی 2011.
35- دامەزرێنەری زانکۆی (جیهان . دهۆك)ە لەساڵی 2013.

36- دامەزرێنەری مەڵبەندی راوێژکاری و توێژینەوەی زانستیی و یاسایی جینۆسایدە.
37- ئەندامی کۆمەڵەی جیهانییە بۆ نەشتەرگەری دڵ.
38- ئەندامی کۆمەڵەی ئاسیاییە بۆ نەشتەرگەریی دڵ.
39-ئەندامی ئەنجومەنی پزیشکان، رۆژنامەنووسان،ژووری بازرگانییە.
40- دامەزرێنەری کۆمەڵەی دۆستایەتیی گیانەوەرانە.
41- دامەزرێنەری کۆمەڵەی پاراستنی ژینگەیە.
42- لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستانە.
43- خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری زانکۆی جیهانە.
44- سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداریەتی زانکۆکانی جیهانە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) و پەیمانگاو قوتابخانەکانی جیهانە لە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) و هەروەها زانکۆی باباگورگور لە کەرکوك.
45-سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداریەتی زانکۆی(ئەربیلی نێودەوڵەتی) یە.
46- دەمەزرێنەری (ئەکادیمیای جیهان)ە بۆ پەرەپێدان و فێرکردنی پیشەیی.
47- (کۆلێژی قەڵا بۆ دیراساتی ئاینی) لە ساڵی ٢٠١٨ دادەمەزرێنێت.
48- ئەندامی رێکخراوی ئاشتی جیهانییە، رۆژی (14/6/2016) دەبێتە باڵیۆزی ئاشتی جیهانی لە کۆنگرەی ئاشتی جیهانی کە لە تونس بەسترا.
49-تا ئێستا خاوەنی (52) کتێبی چاپکراوە، لەوانە :(ووشە دەچێنم، ازرع الكلمات، في الله،ليلى، زكاة العلم، الموت، پێشمەرگە،ئەتڵەسی کوردستان (چاپی دووەم)، شارو شارۆچکەکانی کوردستانی باشور لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا (18بەرگ)، الالبوم فن التشكيلي، زنجیرە پەرتوکی مامۆستا ئەڵێ(9بەرگ)، يقول المعلم(12بەرگ)، زنجیرە کتێبی هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عێراقدا ....

50- چەندین کتێبی تازەی ئامادەیە بۆ چاپ ....
51-خاوەنی ئیمتیازی چەندین گۆڤارە لەوانە (کوردستان لە بەڵگەنامەکاندا.زمانەوانی.....)
52-دامەزرێنەری دەزگای زەکاتی زانستە.
53-دامەزرێنەری سەنتەری AI لە زانکۆکانی جیهان و زانکۆی باباگورگور زانکۆی ئەربیلی نێودەوڵەتی و کۆلێژی قەڵا و پەیمانگە و قوتابخانەکانی جیهان.
54- پرۆژە ئایندەییەکانی بریتین لەمانە:-
1 - دامەزراندنی تۆڕی زانکۆکانی نێودەوڵەتی International ((Network of Universities
بە مەبەستی بوژاندنەوە و پەرەپێدانی زانست و زانیاری لە نێو گەلاندا.
2 - کردنەوەی زانکۆ لەشارە گەورەکانی عێراق و کوردستان.
3 - خوێندنی مافی منداڵان و ئافرەتان لەقوتابخانەو زانکۆکاندا.
4 - بڵاوکردنەوەی پرۆژەی نا بۆ توندووتیژی خێزان، ئافرەتان، منداڵان.
5 - دامەزراندنی نەخۆشخانەی فێرکاری جیهان و پاشان کردنەوەی کۆلێژی پزیشکی و دەرمانسازی و پەرستیارییە.

بڕوام وایە (تەنیا چارە ... زانین و کارە)
"The only solution is education"

پزیشکی ڕاوێژکارییە، هونەرمەندی تەشکیلییە، شاعیرو بزنسمانە.